# فەیاز: هێرشەکانی ئەمریکا باڵەخانە ئیدارییەکانی حەشدی شەعبییان کردۆتە ئامانج



سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فەلاح فەیاز، ئەمڕۆ یەکشەممە، بۆردومانەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکای بۆ سەر خاکی عێراق بە " ئامانجێکی سەخت" وەسف کرد و بەڵێنی دا کە "بێ وەڵام نابێت" لە کاتێکدا جەختی لەوە کردەوە کە ڕاستەوخۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکاتە ئامانج بە ئامانجکردنی باڵەخانە ئیدارییەکان.

.

فەیاز لە میانی مەراسیمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ناوچەکانی عەکاشات و قائیم لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار کە لە هێرشە دوژمنکارانییەکەی ئەمریکا شەهید بوون، ڕایگەیاند : ئەو دەستدرێژیانەی ئەمریکا و بە ئامانجگرتنی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حەشد بەتوندی شەرمەزاردەکەین.

ووتیشی :- خوێنی هێزەکانی حەشدی شەعبی نوێنەرایەتی پێگە و کەرامەتی عێراق دەکات و قبوڵ ناکەین خوێنی ڕۆڵەکانمان بەکەم سەیربکرێت.

لە درێژەی قسەکانیدا ووتیشی :-هێزەکانی حەشد و هێزە چەکدارەکان و شانازین بە عێراقییەکان،جەختیشی کردەوە،کە دەبێت خاکی عێراق لە بوونی بیانی پاک بکرێتەوە.